گوتار دەربارەی میێتۆد

دیکارت



وەرگێڕانی

ڕەمەزان حەمەدەمین

33041

Preview sample - page 1 of 8 - Soran University Academic Digital Library

ڕێنێ دیکارت

گوتار دەربارەی مێتۆد

Discourse on Method

لە عەرەبی/ ڕەمەزان حەمەدەمین

چاپی یەکەم
٢٠١٩

Preview sample - page 2 of 8 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: گوتار دەربارەی میتۆد.

نوسینی: رێنە دیکارت.

بابەت: فەلسەفە.

وەرگێڕانی: لە عەرەبییەوە (رەمەزان حەمەدەمین)

هەڵەچنی: (جێگر جەواد) و (وریا).

بەرگ: ئەنجام ئەنوەر.

چاپخانە: چوارچرا.

چاپی: یەکەم - ٢٠١٩.

تیراژ: (١٠٠٠).

نرخ: (٤٠٠٠)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٩٤) ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.

هەموو مافێکی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ خاوەنی کتێبخانەی سۆفیا.

(٠٧٧٠١٩٠٩٦٥٧) – (٠٧٥٠٣٤٢٠٦٣٦)


Facbook :ramazan hamadamin@yahoo.com

Preview sample - page 3 of 8 - Soran University Academic Digital Library

١٠٧
٤٦٢

پێرست

بە ڕێگاوە: ٤
بەشی یەکەم ٨
بەشی دووەم ٢٦
بەشی سێیەم ٥١
بەشی چوارەم ٦٨
بەشی پێنجەم ٨٩
بەشی شەشەم ١٢٣



Preview sample - page 4 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بە ڕێگاوە:

بێگومان لە سەدەکانی (پانزدە و شازدەی) زاینی، لە ئەوروپا خەڵکی بە گشتی فریودەدران، تەنانەت ئایینیش سەروەری ئەقڵی مرۆڤی بە ئەقڵیی خۆی کۆنترۆڵ کردبوو و لە بەرژەوەندی خۆییدا ئاراستەی دەکرد.

ئەم ڕەوتە لە فریودان و کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنە بەردەوامبوو، تاکو کتێب و نووسراوە فەلسەفی و زانستی و ئەدەبییەکانی (یۆنان و ڕۆمان) دۆزرانەوە، هەروەها کتێبە یاسایی و سیاسی و هونەرییەکانی ئەم دوو شارستانییەتە نەمرە دۆزرانەوە.

هاوکات تۆیژێکی تایبەت لە فەیلەسوفان و زانایان و ئەدیبان و هونەرمەندان، گرنگیان بەو پاشماوە بەڕ بەهایەی ئەم دوو شارستانییە نەمرەدایەوە.

بەردەوامبوون لە کارکردن لە سەریان، لە ڕووی فراوانکردنیان و گواستنەوەیان و شیکارکردن و شرۆڤەکردنیان، هەروەها بەردەوام سەرنج و تێبینی خۆیان دەخستە سەر پرس و تێۆر و چەمک و تێگەکان و ڕاڤەیان دەکردن و دووبارە و دووبارە بە بەردەوامی لێکیان دەدانەوە.

بەسەرنجدان و تێبینی دانان و لێکدانەوە بەردەوامبوون، تاکو توانیان هەموو بەرهەمەکان بخوێننەوە و لێیان تێبگەن، دوای تێگەیشتن لە پرس و تێۆرە فەلسەفی و زانستی و

Preview sample - page 5 of 8 - Soran University Academic Digital Library

ئەدەبی و هونەرییەکان، دووبارە بە تێگەیشتنی سەردەمیانە دایان ڕشتنەوە و چاپیانکردن و بڵاویان کردنەوە.

هەموو ئەمانە بوون بە ئەنجامی سەرهەڵدانی فەلسەفە و پێشەکەوتنی زانستەکان و گەشانەوەی هونەر و دەروشانەوەی ئەدەب لە ئاسمانی تاریکی ئەوروپایی ژێر دەستەی کەنیسەی کاسۆلیکی.

بێگومان هەموو ئەمانە ئەنجامی کار و چالاکییە، هاوکات پێویستی بە کار و چالاکی بەردەوام هەیە، هاوکات ئەم گۆڕانکاریانە لە فیکری مرۆڤ بە گشتی و فیکری فەلسەفی بە تایبەتی سەرچاوەیان گرتووە.

ڕەوت و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان ژیانی فیکری کۆمەڵگای ئەوروپییان پەرەپێدا و سیما و ڕوخساری هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگایان گۆڕیی، لە ئەنجامدا بارودۆخی ژیانی تایبەتی تاک و کۆمەڵ بەو شێوەیە نەمایەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاست ئاراستەی گرتبوو.

لەسەر پرنسیپی نوێ، فەلسەفەی ڕۆشنگەری مێتۆدی نوێی ئاوەڵا کرد، بۆ گەڕان بەدوای هەقیقەتی گەردوون و بەهای بوونەوەرەکان، فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەسەر بنەمای مێتۆدی بڕەوی بە توێژینەوە و گەران بەدوای هەقیقەتی گەردوون و بوونەوەرکاندا، سنوری پرسە فەلسەفییەکانی لەسەر بنەمای مێتۆدی فراوانکرد، هاوکات پرسە فەلسەفییەکانی جۆراجۆر کرد، بە شێوەیەک فەلسەفە

Preview sample - page 6 of 8 - Soran University Academic Digital Library

هەموو کایەکانی ژیانی گرتەوە و کۆنترۆڵی هەموو کایە جیاوازەکانی کرد.

بێگومان فەلسەفەی (دیکارت) فەلسەفەیەکی سەربەخۆیە لە فەیلەسوفانی پێش خۆی، واتا بە تەواوی جیاوازە لە (پلاتۆن و ئەرستۆ) هەروەها لە گومانگەراکان و فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست و هاوسەردەمانی خۆی.

پرنسیپی فەلەسەفەکەی مێتۆدی گومان، بەم پرنسیپە بە یەقین یان بە بڵگەنەویستی گەیشت، لەو پرنسیپەوە خاڵی دەستپێکی بۆ هەڵهێنجانی ئەنجامی بەڵگەنەویست مسۆگەرکرد، بەڵام دیکارت نەیتوانی بگات بە ئەنجامی یەقین.

بۆیە مێتۆدیانە گومانی لە هەموو پرسەکان کرد، بە واتایەکی دیکە هەموو جیهانی بە خودی خۆشییەوە خستە نێو پرۆسەی گومان، گەیشت بەو پنتەی ئەقڵیی مرۆڤ ناتوانێت راستی و هەقیقەت بزانێت، بەڵام بینی لە ڕەوتی گومانکردن، دەتوانیت گومان لە هەموو شتێک بکات، تەنها ناتوانێت گومان لە بوونی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی گومان لە بوونی خۆی بکات، تێگەیشت بە مسۆگەری ئەو شتێکە، ئەگەر گومان لە هەموو ئەوانەش بکات کە هاوشێوەی ئەون.

ئەوەی (دیکارت) نەیدەتوانی گومانی لێ بکات، وەکو خۆی دەڵێت: (بیری) بوو، بەوشێوەیە (بیری) یەکەم پنتی مسۆگەر و یەقین بوو، پنتی دووەم لە دەرەوەی بوو،

Preview sample - page 7 of 8 - Soran University Academic Digital Library

ئەویش بوونی (خودا)ی خالق بوو، لە دیدی (دیکارت) لەبەرئەوەی خودا سەرچاوەی هەموو بوون و هەقیقەتەکانە، ئەوە هەرگیز فیکری مرۆڤی بە شیوەیەک خەلق نەکردەوە، کە لە بڕیاردان هەڵە بکات.

لەسەر بنەمای ئەم مسۆگەرییەی کە خالقەکەی بە هەڵەی نابات، گەیشت بەو هەقیقەتەی ئەوەی هەڵەدەکات خۆمانین، بە تایبەتی لە کاتی بڕیاردان لەسەر پرسەکان و شتەکان، لەبەرئەوەی بەبێ رامان و پشکنین و تێگەیشتن لە هەقیقەتی پرس و شتەکان بڕیار دەدەین. هاوکات بڕیارەکانمان لە رێگای هەستەکانەوەیە. بێگومان هەستەکانمان فریودەخۆن و بە هەڵەمان دەبن.

لێرەوە (دیکارت) بڕیار دەدات، هەرگیز بڕیار لەسەر پرس و شتەکان نادەم، تاکو نەگەن بە بەرزترین پلەی مەعریفیم، کە بە ئەقڵ لێیان بڕوانم، بەوشیوەیە دوای ئەوەیی بە ئەقڵ لە پرس و شتەکان دەڕوانم، بڕیار لەسەر راستی و هەڵەیان دەدەم.

ڕەمەزان حەمەحەمین قادر

کۆیە

١٥- ٧- ٢٠١٨

Preview sample - page 8 of 8 - Soran University Academic Digital Library